


# ڕاپۆرتێک دەربارەی سێمیناری ناوەندی چاکو ناوەندی کوردی زۆترمیر بۆ بەڕێزان (ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی)و (شەفیقی حاجی خدر) لە هۆڵەندا

ڕۆژی 29 ئەپریلی 2007 هەردوو ڕێکخراو، ناوەندی چاکو ناوەندی کوردی لە زۆتەرمیر، لە یادی تاوانەکانی ئەنفال سیمینارێکیان لە شاری زۆتەرمیری هۆڵەندا لە ژێر ناونیشانی "**هۆڵەندا دەروازەیەکی کاریگەر بۆ بە ژینۆساید ناسینی ئەنفال لە جیهان**" بۆ بەڕێزان **ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**و **شەفیقی حاجی خدر** ڕێکخست.

لە سەرەتادا خاتوو **لەیلا ئەمین** بەرپرسی ناوەندی کوردی لە زۆترمیر، بەناوی ناوەندی چاکو دەستەی بەڕێوبەری ناوەندی کوردی، وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان، خشتەی کاری سیمینارەکەی پێشکەشی بەشداربووان کرد. لە سیمینارەکەدا، دوای پیشاندانی فلیمێکی دۆکومێنتی لەسەر ئەنفال، بەشی یەکەمی سیمینارەکە دەستپێپکرد کە تیایدا لێکۆڵەرو یاساناسی ناسراو **شەفیق حاجی خدر** باسێکی لەژێر ناوی "**چۆنیەتی بە ژینۆسایدناسنی ئەنفال**" پێشکەش کرد. سەرەتا بەڕێز شەفیق باسەکەی خۆی بۆ سێ تەوەر دابەشکرد:1

-جینۆساید جۆن دەکرێ؟

2- فاکتەرە گرنگەکانی جینۆساید چین؟

3– ئایا دەتوانین 'ئەنفال" بە جینۆساید بناسێنین؟

دوایی لە ڕاستای سەلماندنی ئەوەی ئەنفال جینۆسایدە باسی ئەوەی کرد کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی ژیینۆسایدو لەوێشەوە بۆ ڕێکەوتنامە جیهانییەکان، بۆ نموونە ڕێکەوتنامەی ژیینۆسایدی ساڵی 1951 بە تایبەتیش هەردوو ماددەی یەکەمو دووەمی ئەو ڕێکەوتنامەیە کە بە ڕۆشنی پێناسەی جینۆسایدو ئەو کەسانەی کە بە تاوانی جینۆساید دەڵدەستن، کردووە... بە جۆرێک ژینۆساید واتە لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، مەزهەبی، ئایینی... دوایی ووشەی لەناوبردنی ڕۆشنکردەوەو چڕی کردەوە لە پێنج خاڵ. لە درێژەی قسەکانی چووە سەر پێناسەی ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە بە کاری جینۆساید هەڵدەستن کە تیایدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەوانەی ڕاستەخۆ بەشداری کاری جینۆساید دەکەن، ئەوانەی پلانی جینۆسایدەکە دادەڕێژن، هانی جینۆسایدەکە دەدەن یاخود هەوڵی جینۆسایدەکە دەدەن هەموویان بە تاوانبار دادەنرێن. دوایی لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەیکرد کە هەموو تاوانەکان بە کاری تاکەکەس دەتوانرێ بکرێن تەنها جینۆساید نەبێ کە بە کۆمەڵێک و لایەنێکی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی دەتوانرێ ئەنجامبدرێ چونکە ژینۆساید چەند مەرجی هەیە کە وا دەکات تاکە کەس نەتوانێ بیکات بەڵکو حکوومەتێک بتوانی بیکات. لەو مەرجانەش: دەسەڵاتو بوونی بیرۆکەیەکو هزرێک لە پشت ئەو دەسەڵاتە کە بۆچی دەیەوێ ئەو نەتەوەیە یان ئەو گرووپە خەڵکە لەناوبا، نەبوونی تۆلەرانسو ڕۆشنبیری پێکەوەژیان لە کۆمەڵگادا، دوایین مەرجیش بوونی پاڵپشتی جەماوەرییە بۆ کاری ژینۆساید چ بە بەشداری ئەکتیڤانە بێت یان بەشداری پاسیڤانەی جەماوەر بێت. دوایی باسی ئەوەیکرد کە تاوانی ئەنفال دژ بە نەتەوەی کورد بە پێکەوەگرێدانی ئەو خاڵو باسانەی سەبارەت بە جینۆساید کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدا دەقاودەق ئەوە دەسەلمێنن کە تاوانی ئەنفال جینۆسایدە. لە دوایین قسەکانیشی چەند ڕەخنەیەکی لە دادگای ئێستای ئەنفال لە بەغدا کردو لەم راستایەشدا کەموکوڕی دادگایەکەو چەند پێشنیارێک بۆ باشترکردنی دادگاکە خستەڕوو.

بەشی دووەمی سیمینارەکە تایبەت بوو بە باسەکەی نووسەرو رووناکبیر **ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی** کە تیایدا باسێکی لە ژێرناوی **"ئەنفال بۆ ڕوویدا؟"** پێشکەشکرد. بەڕێز **ئیسماعیل** ڕواندزی سەرەتای باسەکەی بەوەکردەوە کە تراژیدیای ئەنفال، کە ئاکامی زۆر ترسناکی لەسەر ڕەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونیو کولتووری جێهێشتووە، بە هەموو پێوانەیەک ژینۆسایدەو لێرەشەوە دەبێ کورد کاری لەسەربکا. پاشان ئاماژەی بەوەکرد کە یادکردنەوەی ئەنفال تەنها کێشەی قوربانییەکانو مەسەلەیەکی گشت مرۆڤایەتیو ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی نییە بەڵکو گرنگی سیاسیشی بۆ سازکردنی ستراتیژی سیاسی نەتەوەیی کورد هەیە. لە درێژەی قسەکانی بەڕێز **ئیسماعیل** ڕواندزی ووتی کە ئەو خوێندنەوەیەکیتری لە هۆکارەکانی ڕوودانی تراژیدیای ئەنفال، جیاواز لە لێکدانەوە باوەکانی ئێستا، هەیە. دوایی باسی ئەوەیکرد کە هۆکاری زۆر هەن کە زەمینەی ڕوودانی ئەنفالی خۆشکرد بەڵام ئەو لەو سیمینارەدا تەنها ئاماژە بە گرنگترین هۆکارەکان دەکاتو لێرەشەوە باسەکەی بەسەر چەند خاڵێک دابەشکرد :

1– بیری ناسیونالیزمی عەرەبی

2– ڕۆشنبیریو کولتووری کۆمەڵگای وڵاتە عەرەبییەکانو ڕۆژهەڵاتییەکان

3– جوگرافیاو سیستەمی سیاسی ئێراق

4– جیهانی ستاتیکی دونیای ساردو پرەنسیپی ویستڤالیا

5– گووتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

لە **خاڵی یەکەمدا** بەڕێز **ئیسماعیل** ڕواندزی ڕەخنەی لەو کەسانە گرت کە خۆشکردنی زەمینەی فیکری ڕوودانی ئەنفال تەنها بە بیری حیزبی بەعسی عەرەبی دەبەستنەوەو ئیدعا دەکەن کە ناسینی بەعس واتای تێگەیشتنە لە ئەنفال. ئاماژەشی بەودا کە لێکدانەوەیەکی ئاوا یەکجار زەرەمەندە هەم لە سەر تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ڕوودانی ئەنفالو هەم لەسەر ستراتیژیمان وەک نەتەوەو خاک. لە درێژەی قسەکانی باسی ئەوەیکرد کە زەمینەی فیکری ئەنفال لە بیری بەعسیەکان بەرجەستەبوو بەڵام لە بنچینەدا شۆفینزمی بەعسییەکان سەرچاوەی مێژوویی هەیەو بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانو گەشەکردنی بیری ناسیونالیزمی فاشیستیو نازیستی عەرەبی. ئاماژەی بەوەدا کە ناسیونالیزمی عەرەبی لە سەرەتای سەدەی بیستەم وورده وورده بوو بە بزووتنەوەیەکی سیاسی کاریگەر لەنێو جەماوەری عەرەبی کە ئامانجەکەشی دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەیی تاک کلتووریو تاک ناسنامەیی بوو بە جۆرێک سنووری سیاسی دەوڵەتەکان لە بیری ناسیونالیزمی عەرەبی بەسترابووەوە بە کلتووری عەرەبییەوە، بۆ نموونە لە ئێراق ئێراقبوون مانای عەرەبیبوونی دەگەیاند بەمەش ئینکاری وجودی بوونی نەتەوەکانیتری دەکرد کە دوایی ئەم ئینکارە زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەنفالکردنی کورد.

لە **خاڵی دووەم** باسی ئەوەیکرد کە ڕۆشنبیری کۆمەڵگا عەرەبییەکان لەسەر بنەمای هەڵاواردنو توندوتیژیو ڕەگەزپەرستی بنیاتنراوە کە ئەم خاسیتانەش هەم زەخیرەیەکی باشی گەشەی ناسیونالیزمی فاشستی عەرەبی بوو، بە جۆرێک بیری شۆڤینیستی لە ئێراق توانی بە شێوەیەکی ڕێکخراو و خاوەن بەرنامە لە سەرەتای چلەکانەوە بێتە مەیدانەوە بە سوود وەرگرتن لە دواکەوتوویی ڕۆشەنبیریو بەهێزی مێژوویی ڕەگ و ڕیشەی ڕاسیستانەی گۆمەڵگا ئیسلامیەکان، و هەم زەمینەی لەناوبردنی هەر هاوسۆزیو ویژدانی ئینسانیانەی خەڵکی عەرەبی ئێراقی بۆ قوربانییانی ئەنفال خۆشکرد.

لە **خاڵی سێیەمیش** ئاماژەی بەوەدا کە سیستەم و جوگرافیای سیاسی ئێراق لە بنچینەدا لە سەر پێشێلکردنی ماف و جوگرافیای نەتەوەی کورد پێکهات. ململانێ و کێشمەکێشی نێوان نەتەوەی کوردو عەرەب لە سەرەتای پێکهێنانی سیستەمی سیاسیو جوگرافیای ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئێراقو مافی بەشداری کورد وەک گەلێکی خاوەن جوگرافیاو نیشتمان لە

بەڕێوەبردنی دەوڵەت. لەو کاتەی کە بەزۆرەملێ بەشێک لە خاکی کوردستان لکێندرا بەو جوگرافیایەی کە دواتر ناونرا ئێراق، ئیتر کورد وەک نەتەوەو خاوەن جوگرافیا حاشا لە بوونی کراو وەکو میوانێکی ڕەزاقورسو گومانلێکراو و دژ بە ئامانج و خەونەکانی نەتەوەی عەرەب حسابی بۆدەکرا. ئەم جوگرافیایەی کە پێی دەڵێن ئێراق ، هیچ کاتێک نەیتوانی ببێتە ناسنامەیەک بۆ پێکەوە ژیانی گەلانی ئێراق، بەڵکو هەمیشە شەڕی ناوخۆییو گومان لەیەکترکردن لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم قەوارە جوگرافیایە سیمای بنچینەیی و بەردەوامی بووە. بۆیە دەتوانین بڵێین خودی پێکهێنانی جوگرافیای ئێراق یەکێکە لە هۆیە سەرەکیەکانی ڕوودانی ئەنفال.

لە **خاڵی چوارەم** چووە سەر جیهانی ستاتیکو دوو جەمسەری "شەڕی سارد"... لەو سەردەمەدا کورد و بزووتنەوەی سیاسی کورد  قوربانی هاوسەنگی زلهێزەکان بوو، بە جۆرێک میللەتی کورد و هەموو میللەتانی تری وەک کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی و زلهێزەکانەوە بە پێی (پرێنسیپی وێستفالیا ) " Westphalia " (بەوەی کە هیچ دەوڵەتێک بۆی نیە دەست لە کاروباری ناوخۆی دەولەتێکی تر وەربدات و سەروەرییەکەی پێشێل بکا ، وە بەم پێیەش هەموو دەوڵەتێک ئازادە لەمەڕ چونیەتی هەلسوکەوتکردن و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دانیشتوانی خۆی ) کورد  وەک نەتەوەیەک و خاوەن سەروەری و ماف حسابی بۆ نەئەکرا، هەر بۆیەش ئەنفال و ژینۆسایدی کورد بەبێ دەنگی و لەبەرچاوی بێویژدانی زلهێزەکان و ڕای گشتی جیهان تێپەر بوو.

لە **دوایین خاڵیشدا** چووە سەر گووتاری نەتەوەیی کورد کە تیایدا ئاماژەی بەوەکرد کە دەکرێ گەشەی ناسیونالیزمی کوردو گووتارەکەی دابەش بکرێ بەسەر سێ شەپۆلی جیاواز:

شەپۆلی یەکەمی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەددەی بیستەم تا شەڕی دووەمی جیهان، کە گووتاری ئەم ناسیونالیزمە بە هەموو شکستو کەموکوڕییەکانی بەس باسی لە سازکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکرد.

بەڕێز ئیسماعیل ڕواندزی ئاماژەی بەوەدا کە شەپۆلی دووەمی ناسیونالیزمی کورد، کە لە شەڕی دووەمی جیهان تا ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت دەگرێتەوە، زیاتر شەپۆلێکی ریفۆرمیستی بوو، بەو مانایە ڕیفۆرمیستی بوو کە شکستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئەنجامی سیاسی لێوەرگیرا... ڕاستییەکەی گووتاری ناسیۆنالیزمی کورد لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، بوو بە پاشکۆی چەپی مارکسیست – لینینستی ڕووسی کە ئەوەش تراژیدیایەکی گەورەی بەسەر ستراتیژی سیاسی نەتەوەیی کورد داهێنا. بە جۆرێک گووتاری نەتەوەیی ئەوکاتەی کورد گەرچی باسی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردی دەکرد بەڵام لەژێر کاریگەری مارکسیزمی ڕووسی مافی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دەبەستەوە بە کۆمەڵێک مەرج، لەوەش خراپتر گووتاری ناسیۆنالیزمی کوردی تبدیل بوو بە گوتاری کەمینەیەک کە بەدوای مافەکانی، لە

**چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی تیایدا دەژیا، دەگەڕا. لەگەڵ ئەم هەموو کەموکوڕییانە بەڕێز ئیسماعیل ڕواندزی ئەوەی وەبیر ئامادەبووان هێنایەوە کە ڕاستە گووتاری نەتەوەیی لەو سەردەمەدا لێڵی لە ستراتیژەکەی هەبوو، بەڵام مانەوەی کورد وەک نەتەوە قەرزاری خەباتی ئەو سەردەمەیە، چونکە ڕاستە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەجیاتی سەربەخۆیی‌و دەوڵەتی کوردی بەرزکرایەوە بەڵام ئەو سەردەمە، لە چواچێوەی هاوسەنگی هێزەکان‌و جیهانی دوو جەمسەری ئەوکاتە، ئەگەر مافی ئۆتۆنۆمیش بەرزنەکرابوایەوە ڕەنگە کورد وەک نەتەوە لەناوچووبا، وەک لە تورکیا بینیمان کە پرۆسەی لەناوبردنی کورد وەک نەتەوە تا رادەیەکی باش چووە پێش.**

**لەدرێژەی باسەکەیدا بەڕێز ئیسماعیل رواندزی ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە ئیستا لە شەپۆلی سێیەمی ناسیۆنالیزمی کورددا، کە لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت دەستپێدەکا، دەژین. باسی ئەوەیکرد کە ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستان پێویستیمان بە گووتارێکی نوێ هەیە، بە خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە کە رەنگە زۆر جیاواز بیت لەوەی کە هەیە. دوایی ووتی کە یەمڕۆ خۆشبەختانە لەناو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ڕەوتێک هەیە کە هەست دەکا کورد پێویستی بە سازکردنی گووتارێکی نوێ، کە بێتەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئێراق‌و ناوچەکەو جیهاندا، هەیە. لەم ڕاستایەشدا ئاماژەی بە قسەکانی سەرۆکی کوردستاندا کە چۆن هەمیشە تەئکید لەسەر مافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ نەتەوەی کورد دەکاتەوەو کوردیش وەک نەتەوە دەناسێنی نەک وەک کەمایەتییێکی نەتەوەیی.**

**لە دوایین بەشی قسەکانیدا بەڕێز ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی تەئکیدی لەسەر ئەوەکرد کە نەتەوەی کورد دەبێ چیتر وەک کەمایەتی خۆی نەبێنێ بەڵکو کورد دەبێ وەک نەتەوە بێتە مەیدان بە ستراتیژی سەربەخۆیی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەم نێوەشدا فیدرالیزم‌و دیموکراتیزەکردنی ئێراق تەنها دەبێ تاکتیکی سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بن، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ئەنفال نەئەکرا ڕووبدا ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەت‌و سەروەری سیاسی، لەسەر خاکی خۆی، بوایە، هەربۆیە گووتاری نەتەوەیی کورد بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی ئێستای جیهان دەبی بچێتە سەر پڕۆژەی دەوڵەت – نەتەوە کە تیایدا فیدرالیزم تاکتیکە نەک ستراتیژ.**

**لە کۆتاییدا بەشداربووان بە رەخنەو پرسیار بەشداریی باسەکانیان کرد و دواتر لە لایەن بەرێزان ئیسماعیل رواندزی‌و شەفیقی حاجی خدر سەرنجی بەشداران تاوتوێ کرا و وڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.**

## ناوەندی چاک